# ئەرك.. سەركەوتن.. ویژدان



خدر مستەفا

هەموو یەكێك لە ئێمە دوای ئەوەی راستو چەپی خۆمان ناسیو رەشو سپیمان لەیەكتر جیاكردەوە، تەمەنمان دەچێتە قۆناغی بیركردنەوەو بەرنامەرێژكردنی ئامانجە دوورو نزیكەكانمان، بۆ هەر ئامانجێكیش بە پێی توانای بیركردنەوەی خۆمانو هەندێكجاریش بەپرسوڕا وەرگرتنی دۆستو هاوڕێ نزیكەكانمان بەرنامەرێژی بۆهەر كارێكمان دەكەینو پلانی بۆ دادەنێین، دوای ئەوەی قەناعەتمانكرد كە پرۆژەی بەرنامەكەمان تەواو بووەو كاتی دەستپێكردنی هاتووە، یەكەم هەنگاوی بۆ دەهاوێینو پێ بەپێ بەردەوام دەبین لەسەر هەنگاوەكانمان، بەوەش هێدی هێدی لە وەدیهاتنی ئامانجەكەمان نزیك دەبینەوە لەگەڵ ئەوەی دڵنیاین لەو رێگایەدا تووشی چەندین كۆسپو تەگەرە دەبین، جاری وا هەیە كۆسپەكان هێندە لەپڕو گەورەن كە پێشتر هیچ پێشبینی هاتنە پێشیان بۆ نەكراوەو هیچ رێگە چارەی پێش وەختیان بۆ نەخراوەتە بەرنامەی كارەكە، هەر بۆیەش دەبێتە مایەی دروست بوونی كێشە لە رەوتی وەدیهاتنی ئەو ئامانجەی كە بەرنامە رێژیەكەی بۆكراوەو كاری لەسەر دەكرێت. وەدیهاتنی هەر ئامانجێك بە تایبەت ئەگەر لە چوارچێوەی بەرژەوەندی گشتی دابێت ئەوا گەورەییو سەنگی ئەو (ئامانج) ژمارەی ئەو كەسانە دیاری دەكات كە پێویست دەبن لە راییكردنی ئەركەكانی وەدیهاتنیدا، زۆرجار ئەو ئامانجە، ئامانجێكی گەورەی نەتەوەییو نیشتمانیە، بۆیە هەموو تاكێك بەشێكی ئەو ئەركەی دەكەوێتە سەرشان، بەوەش بە جێبەجێكردنی ئەركی سەرشانی هەر تاكێك، كە مەرج نیە پێش وەخت ئەو تاكە لەو ئەركەی دەكەوێتە سەرشانی ئاگاداركرابێتەوە، بە ئەركی خۆی هەڵدەستێت، بە تایبەت كە ئەو تاكە، تاكێكی رۆشنبیرو وشیار بێت. لێرەدا بە روونی جیاوازی نێوان تاكی وشیارو بێ ئاگا دەردەكەوێت، تاكی وشیار لای خۆیەوە ئەو ئەركە بە ئەركی سەرشانی خۆی دەزانێو هەنگاو بۆ جێبەجێكردنی دەهاوێت كە بەدڵنیاییەوە ئەو هەڵوێستە رەوتی بەدیهێنانی ئامانجەكان خێراو مسۆگەرتر دەكاتو دەشبێتە مایەی دووبارە زیندووكردنەوەی ئومێد لە ناخی بێ ئومێداندا، بۆیە جارێكی تریش ئەو راستیە دەسەلمێتەوە كە بەرزی ئاستی وشیاری تاكەكانی كۆمەڵگا، رادەی شارستانی بوونی ئەو كۆمەڵگایە دەستنیشان دەكات.لە بەرامبەر ئەقڵی تەندروستو مەنتقیشدا، من شتێك نابینم ناوی موستەحیل بێت. بۆیە ئەركێك كە چیتر دواكەوتن بە خۆیەوە هەڵناگرێ رووكردنە دونیای روناكبیریو زانستو زانیاریە نوێكانە.

ماوەتەوە بڵێین هەموومان دەزانین كە سەركەوتن لە هیچ كارێكدا حەتمی نیە، بەڵكو پشت بە چەندین فاكتەر دەبەستێ، بۆیە مەرج نیە لە وەدیهێنانی ئامانجەكاندا، چ رایی كردنی كارێكی تایبەتی خۆمان بێت، چ وەك تاكێكی كارای بەشدار لەكارێكی بە كۆمەڵ بۆ بەرژەوەندی گشتی، هەمیشە بە تەواوی سەركەوتوو بین، بەڵام مەرجە لە جێبەجێكردنی ئەركەكانی سەرشانمان بە قەناعەتەوە ویژدانمان ئاسودە بكەینو درێغی نەكەین لە جێبەجێكردنی ئەو ئەركانەو وەدیهێنانی هەر ئامانجێكی نەتەوەییو نیشتمانیو تایبەتی دەیخاتە سەرشانمان.